# ئەدەب و رەخنەی نوێ و سەرەتایەك بۆ رەخنەی ئەكادیمی

ئەم کتێبە لە دوو توێی (٢٧٤)لاپەرە لەلایەن (لوقمان رەئـــــوف)ەوە نـوسـراوە و پێکهاتووە لـە دوو بـەش، بەشێکیان تایبەت کـراوە بە لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی نوێی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش(١٣) لێکۆڵینەوەی بایەخداری تێدایە، لەوانە لێکۆڵینەوەی هاوسەنگی ئەدەبی کە تێیدا باس لە مێژووی ئەم زانستە و رەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا کراوە، دواتر باس لەو رەهەندە نوێگەریانە کراوە کە لە شیعرەکانی سوارەی ئیلخانی زادەدا هـەیـە، جگە لەمەش چەند لێکۆڵینەوەیەکیش تایبەت کراون بە شێخ نوری و رۆڵی لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کـوردی و کـارە جیاوازەکانی وەك (رۆژنامە ، رەخنە، شاعیر) لـەگـەڵ ئـەوەی وەك شاعیر و رابـەری نوێکردنەوەی شیعری کـوردی نـاسـراوە، بـەڵام لەم کایانەشدا رۆڵی هەبووەو ئەوە خراوەتە روو کە شێخ نوری لە سەرەتا دا بە رێبازی کلاسیکی شـیـعـری نـوسـیـوە و دواتـر چووەتە قوتابخانەی رۆمانتیك، لەناو ئـەو لێکۆڵینەوەیەشدا باس لە ئەحمەد موختار جاف وەك شـاعـیـرێـك و مرۆڤێکی یەکسانخواز بە گژ دەوروبـەر و دەسـەڵاتـدا چـوەتـەوە، لە پێناو فەراهەمکردنی ئـازادی و دادپەروەری لە کوردستاندا و لە ئاکامیشدا گیانی خۆی کردە قوربانی ئەم هەڵوێستانەی.

لەم لێکۆڵینەوانەشدا دوو لێکۆڵینەوە تایبەت کراوە بە گۆرانی شاعیر و تێیدا وردی و دەسـتـرەنـگـیـنـی گـۆران لە خستنەرووی ناساندنی هاورێی بێکەس بـەدەوروبـەر، هەروەها توانـسـتـی لـە ئـەدا کـردن و تەوزیفکردنی وشەی فرمێسك لە بوارە جیاوازەکان و بەخشینی رۆڵی لە پەخشانی تایبەت بە فرمێسکدا.

جگە لەمەش (٥) لێکۆڵینەوە تایبەت کراوە بە شعری درامی و ئەڤینیەکانی شێرکۆ بێکەس لـەم روانـگـەوە ئـەو دیمەنانە خـراوەنـەتـەروو کـە لـەنـاو ئەم شیعرانەدا هەن.

لـە بـەشـی دووەمــــدا کە تایبەتە بە رەخنەی ئەدەبی و لە لێکۆڵینەوەی یەکەمدا راستەوخۆ سەرەتایەکی دروستی رەخنەی کـوردی بە رەخنە تیۆرییەکە بێت ، یان پراکتیکیەکە خراوەتە روو کە لە گۆڤاری گەلاوێژ کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کـوردی رەفـیـق حیلمی) دا بـە نمونە دیارکراوە و ئەوە خراوەتە روو کە ئەم کتێبە نمونەی جوانی زۆر لە زانستە ئەدەبیاتناسەکانە و دەتوانێت چەند زانستێکی دی وەك سەرەتا لێهەڵێنجێنن.

دواتریش باس لەو قەیرانانە کــراوە کـە رەخـنـــەی کـوردی تێکەوتوە هـەر لـە نوسین و چۆنیەتی رەخنەکان تا وەکو رەخنەگر خـراوەتـە بەرباس، لێکۆڵینەوەی دواتر دا قۆناغەکانی رەخنی کوردی هەر لە قۆناغی (شعر، کتێب، رۆژنامە،گۆڤار) نـوسـەر پـێـیـوایـە وەك وتـار سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو زنجیرە وتـارەی شێخ نوری کە لە ژمارەی (٢٠) رۆژنامەی ژیان لە ١٩٢٩/١٠/٦ بە ناوی سنعەت و سەنایعی نەفیسە چییە؟ بڵاوکراوتەوە و لێکۆڵینەوەش لە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٢٣ دەستپێکردوە و دواتریش چەند بابەتی رەخنەی بە پێنوسی جیاواز بە دوای خۆیدا راکێشاوە.

پـاشـان بـاس لـە زانستی دەنگسازی گرنگی لە رەخنەی شـیـعـریـیـدا خـراوەتـــە روو نوسەر قسەی لەسەر ئەرکی رەخنەگر لە پێهاتەی دەنگی و ئاشکراکردنی کـردووە، چونکە ئەم جۆرە رەخنەیە مادەیەکی بەسود و چروپری بیۆێنەی بۆ رەخنەگرانی ئەمرۆ دەستەبەر کردووە.

دواتــریــش بـــاس لـە پرۆسەی رەخنە و میکانیزمی جێبەجێکردی ئـەم پرۆسەیە کراوە و لەم پێناوەشدا رەخنەگر پێویستە بەرای جدی هەیە، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و خوێندنەوەی ورد بۆ بابەتەکە دەبـێـتـە خـاڵـی سـەرکـەوتـنـی رەخنەکە، لەگەڵ دیاریکردنی هـێـڵـەکـانـی تـری پـرۆسـەکـە، دواتریش قسەی لەسەر رەخنەی دەق و مردنی نوسەر کردوەو لەم روانگەوە کـاری لەسەر بۆ چونەکەی رۆلان پارت کردووە بـەوەی لای پارت دەگەرێتەوە بۆ زمان نەك نوسەر و دواتریش ئەم لای پۆست بونیادگەرەکان پەیرەوکراو لە کۆتایشدا نوسەر ئـەو بنەما فەلسەفیانەی کە دەبێت لە دەقێکی رەخنەیی دا هەبن خستوەتەروو، لەگەڵ دیاریکردنی گرنگی پێگەی ئەم بنەما فەلسەفیانە لەسەر دەقی شیعری.

